# هەڵەبجە، موزایەدە، گەندەڵیی : تراژیدیای گەلی کورد

خەتاب سابیر
khatabs@hotmail.com

خۆپیشاندانەکەی خەڵکی هەڵەبجە لە 2006/03/16 دا، گەیشتنی بێزاریی خەڵکە بە لووتکە، بێزارییەک چیتر بە بەڵێن و رستەی سواوی سەرکردە سیاسییەکان خاوەنبووەوە و بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕا بۆ نیشاندانی بەرای گشتیی. ناکرێ بە خۆپیشاندانی چوار بۆ پێنج هەزار کەس بگوترێ ئاژاوەگێڕیی ، ناکرێ داواکانی خەڵک بچووک بکرێتەوەو دەسەڵات بەرۆکی خۆی لێبکاتەوە، بەبیانووی ئەوەی کۆمەڵی گەنجی تێرۆریستی سەر بەلایەنە فەندەمێنتالیستەکان دەستیان تێیدا هەبووە.

ئەو پێوەرانەی دەسەڵاتی سیاسیی کوردیی کاری لەسەر دەکات و بۆ روونکردنەوەو گەیشتن بە سەرەداوەکانی خۆپیشاندانەکە و رۆڵی ئاژاوەگێڕەکان، کۆمەڵێ پێوەری میلیشیاییەو هیچ خزمەتێک بەکۆمەڵگای سیڤیل و یاسا و ئاوەدانکردنەوە ناکات. ناکرێت پێشوەخت بریار بدرێ، لەسەر ئەوەی فلان لایەن و فلان ئاژاوەگێر دەستیان هەبووە لەو تووندووتیژییانەدا، لەکاتێکدا ئەوە کاری تیمێکی یاسایی و پسپۆر و بێلایەنە، نەک نووسەرە شێتگیرەکانی دەسەڵات.

کێ تاوانبارە لە سووتاندنی مۆنیومێنتی هەڵەبجەو پەشێویی و کوشتنی "کوردە سەعید"و بریندارکردنی چەندین گەنج و خوێندکاری زانکۆ و ئەو هەموو ناسۆرییانەی بەسەر خەڵکی هەڵەبجەدا هاتووە لەدوای راپەرینەوە؟ پێش هەمووشتێک ئەو هۆشیاریی و ئاگاییەی خەڵکی هەڵەبجە هەیەتی بۆ خۆپیشاندان دژی دەسەڵات، نابێت لەلایەن دەسەڵاتەوە بەئاژاوەگێڕیی و گێرەشێوێنیی تۆمار بکرێ، چونکە ئەمە لای کەمی سەلماندنی رای جیاوازو رای بەرامبەرە. کاتێکیش دەسەڵات لاسارانە ئەم کارە دەکات، ئەوا شەقڵی نێوان خۆی و جەماوەر بەرینتر دەکاتەوە.

تاوانباری سەرەکیی لەم رووداوەدا، ئەو سەرکردانەن لەسەر حیسابی گەلی کوردستان بوون بە بیلیۆنێر و میلیۆنێر ( بەدۆلارو یورۆ نەک بە دیناری عێراقیی )، ئێستاش پەیام دەدەن بەهەڵەبجەییەکان، خاوبنەوە برێ مەکرەمەو پارەی ترتان بۆ خەرجدەکەین. ئەوانە تاوانباری سەرەکیین، کە کوردستانیان گەیاندە ئەو دۆزەخەی کە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی رابردووی بەخۆیەوە بینی. ئەو سەرکردانە تاوانبارن لە پارەی گومرکەکان بەچەندین میلیۆن دیناریان دەدا بەهێزە فەندەمێنتالیستە دینییەکان. ئەوانە تاوانبارن لەسەر حیسابی ئەنفالەکان و گەرمیانییەکان و کەرکوکییەکان و بارزانییەکان بوونە بە گەورەترین ئۆلیگارشی سیاسیی و ئابووریی لە کوردستاندا و زۆربەی خەڵکی کوردستانیش زەقەی چاویان دێت.

کەسوکاری قوربانییانی هەڵەبجەو کوردستان چۆن چاویان بەرایی دەدات، بەهۆی خوێنی رۆڵەکانی ئەوانەوە ، بەهۆی خەباتی جەماوەریی گەلی کوردەوە، ،کۆمەڵی سەرکردەی سیاسیی فاشیل، هەموو خێروبێری کوردستان ببەن و بیخۆن و بۆ خۆیان و بۆ خۆیان و منداڵە نازدارەکانیان پاشەکەوتی بکەن، ئەگەر جارجاریش دڵیان کەمێک بخوسێتەوە هەندێ پارە بۆ ئێرەو ئەوێ خەرج بکەن و ناوی لێ بنێن پرۆژەی ئاوەدانیی و خەرجیی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

دەسەڵاتی کوردیی هەرکاتێک باسی پاکسازیی و ریفۆرم دەکات، لەزمانی گەورەترین دزەکانییەوە ئەم قسەیە دەکات، کۆمەڵێک مشەخۆرو پیاوی سەرتاپا گەندەڵ کە بوونەتە گەورەترین مافیای دارایی لەناوچەکەدا. باشە،کێ، کێ دەربکات لەسەر دزیی و چەتەیی و گەندەڵیی، بەرپرسانی کورد لەسەرەوە بۆ خوارەوە هەمووی لەگەندەڵییدا نغرۆ بوونە. ناکرێ بە چەند دەستپاک و چەند ویژدان زیندوویەکی دانسقەی ناوی دەسەڵات ئەویش ئەگەر مابێتن رێگە لەم شاڵاوی دزیی و گەندەڵییە بگیردرێ. دز، دز دەرناکات و لێی ناپرسێتەوە، تەنها بۆی دەپۆشێ، ئەمەش دۆخی ئیداریی و سیاسیی پانزە ساڵی رابردووی دەسەڵاتی سیاسیی کوردە.

هەرگیز نەبووە لەهیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا، دەسەڵاتێک بکەوێتە بەر غەزەبی خەڵکەوە لەسەر دزیی و گەندەڵیی، کەچیی دەسەڵات هەمان دەموچاوی گەندەڵ و سیمبوڵی دزیی بنێرێ بۆ ئەوەی لەگەڵ خەڵکدا قسەبکەن وهێوریان بکەنەوەو بەڵێنی نوێیان بدەنێ. سەرکردەگەلێک ، کە بەس کۆشکەکان و خانووەکان و کۆمپانیا ئاشکراکانیان دەیان ئەندازەی هەموو سامان و موڵکی تەواوی شاری هەڵەبجەیە! ئایا ئەمە جگە لەگاڵتەکردن بە قوربانییانی هەڵەبجە و سووکایەتییکردن بە کەسوکارییان زێتر چ ناوێکی تر هەڵدەگرێ؟

لێرەدا بەدیاریکراویی قسە لەسەر ئەوەیە کێ تاوانبارە لە خۆپیشاندانەکەی هەڵەبجە، لە نێوان خەڵک و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا؟ بەدڵنیاییەوە ئەگەر یەکێتیی بەتەمای ئەوە بێت کە وێنەیەکی دڵخوازی خۆی بەخەڵکی کوردستان بدات بەم میکانیزمەی تا ئێستا دەستی بۆبردووە، کە دەیەوێت بەس باسی سووتاندنی مۆنیومێنتەکەو کاری ئاژاوەگێڕیی بکات و خۆی نەبان بکات لە سەرکوتی خەڵک و دەستبردن بۆ چەک لەبەرامبەر بە خوێندکاران و لاوانی هەڵەبجەدا، ئەوا بەدۆڕاویی دێتەدەر و زەرەرمەندیی سەرەکییش هەر یەکێتیی دەبێت.

دەستبردن بۆچەک و کوشتنی لاوێکی تووڕە لەدەسەڵات و بریندارکردنی چەندین کەسی تر، لەکاتێکدا خۆپیشاندەران جگە لەداروبەرد زێتر چەکێکی تریان پێ نەبووە ، تاوانێکی ئەوەندە گەورەیە کە بەهەرشێوەیەک دەسەڵات پاساوی بۆ بهێنێتەوە، زێتر خۆی ناشیرینتر دەکات. لەهەموویشی گرنگتر ئەوەیە کە تەقە لەپێشدا دەستی پێکردووە، دواتر مۆنیومێنەتەکە سووتاوە. کەواتە دەستی تاوان لەپێشدا بۆ

ئاساییش و پۆلیس وسەرکردە سەربارزیی و سیاسییەکان  رادەکێشرێ کە بڕیاری تەقەیان داوە و چۆن بێ دەربەستانە گوللەیان بە خەڵکی سیڤیلەوە ناوە.

یەکێتیی ئەگەر بۆ رازییکردنی دڵی خەڵکیش بووایە ، دەبوو هەندێ لێپرسراوی سیاسیی و ئیداریی لەناوچەی هەڵەبجە کەنار بخات و تەقەکەران و ئەوانەی فەرمانی تەقەیان داوە بەبڕیاری دادگا گرتنیانی رابگەیاندایە! بەڵام گەورەترین و سادەترین پرسیار ئەوەیە ، ئەگەر دەزگایەک لەسەرەوە بۆ خوارەوە بەدەست گەندەڵییەوە بناڵێنێ، کێ ، کێ لابدات، کێ بڕیاری گرتنی کێ بدات. تەنانەت لەکاتێکدا قسەلەوە دەکرێ لەخودی مەکتەبی سیاسیی یەکێتییەوە بڕیاری کۆنترۆڵکردنی! ( تەقەکردن) خۆپیشاندان لە هەڵەبجە دەرچووبێت.

یەکێتیی ئەگەر پێی وابێت دەستکەوتێکی سیاسیی  دەدروێتەوە لەپاڵ ئەو پڕوپاگەندانەی دەیکات، بۆ بەسزاگەیاندنی گێرەشێوێنان، ئەوا ئەم جارەش وەک زۆربەی هەڵسەنگاندنە سیاسییەکانی رابردووی خۆی هەڵەیە. هەردوو دەسەڵاتی سیاسیی کوردیی، ئێستا لە دوو حیزبی سیاسییەوە بوونە بەدوو کۆمپانیای گەورەی بیزنس و کۆمەڵێ نەهەنگی سیاسیی جگە لە لرف و دزیی و گەندەڵیی، هیچ بەهرەیەکیان بۆ گەلی کوردستان و داهاتووی سیاسیی کوردستان نییە.
سەبارەت بەسووتاندنی مۆنیومێتنەکە، بەدڵنیاییەوە کارێکی ئەوەندە قێزەونە کە ناکرێ بە هیچ شێوەیەک بیانووی بۆ بهێنرێتەوە. هەڵەبجە لووتکەی تراژیدیای نەتەوەیەکی پەنجا میلیۆنییە، کە خاکەسارترین و بێ پشتوپەناترین نەتەوەی سەر زەمینە لەسەرجەم هاوکێشە سیاسییەکانی دنیادا. چۆن هۆلۆکۆست گەورەترین تراژیدیای جوولەکەکانە ، بەهەمان ئەو پێوەرانەی کە چەندین میلیۆن جوو جگە لەچەندین میلیۆن قەرەج (Gypsies ) و پۆلاندیی و کۆیلەگەلی تر کە لەرووی جین و کولتوورو رەگەزەوە لەگەڵ ستانداری نازییەکاندا نەدەهاتنەوە، کرانە کوورەکانی هۆڵۆکۆستەوە. کوردیش وەک نەتەوەیەک کە رقوکینەی شۆڤینیزمی عەرەبیی زاخاوکراو بە ئەنفالی مەرگچێنی ئیسلام، لە جەستەی حیزبی بەعسدا  گەیاندە لووتکەو بەهەمان پاساوی نازییەکان، بەعسییەکانیش کوردقڕانیان راگەیاند و لەنووکەوە دەستییان بۆی برد و  تراژیدیای هەڵەبجەی ساڵی 1988 یان چێکرد.

دەستبردن بۆ ئەو سیمبۆڵە بەهەر بیانوویەکەوە بێت ، نیشانەی رق و بێزاریی خەڵک نییە لە ئاو و کارەبا و بێ خزمەتیی شارەکە، ئەوەندەی رقێکی شۆڤینزمیی و ئیسلامیی، لە پشت ئەو ئایدۆلۆژیا و هەندێ درووشمانەوە هەیە کە دەستیان بۆ سووتاندنی هێمای گەلێکی ئەنفالکراو و ژارڕێژکراو برد. ئەوە راستە ئەو مۆنیومێنتە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە بۆ ئەجێندانی سیاسیی و پارەپەیداکردن بۆ میلیشیاکانی خۆیان بەکارهاتووە. بەڵام ئەوە لەو راستییە ناگۆڕێت کە موڵکی سیاسیی و سەروەریی هەموو گەلی کوردە ،

سیمبوڵی گەورەترین تراژیدیایە کە گەلی کورد بەدەست شۆڤینیزمی نەتەوەی سەردەست و کولتووری ئیسلامەوە چەشتوویەتی.

لەم ئاقارەوە دەکرێ بڵێین 50 تا 100 کەس و سەرووتریش ئاژاوەگێڕ بوون، بەڵام کاتێک بە خۆپیشاندانی چەندین هەزارکەس بگوترێ بەکرێگیراو و گێرەشێوێن و تابووری پێنجەم، ئەو کاتە دەسەڵات جگە لەچاندنی درۆی زێتر و خۆدزینەوە لەراستییەکان و شانداچەکاندنی خۆی لەبەرپرسیارییەتەکان، ئامادە نییە کارێکی تر بکات. ئامادەنییە مافی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی خەڵک لەبەرچاوبگرێ و بە پێچەوانەوە مشتی زێتر خڕدەکاتەوە بۆ وەشاندنێکی بەهێزتر لە هەر ئەگەرێکی تردا لەکاتی روودانی خۆپیشاندانداندا.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەمجارەش سەلماندییەوە کە هێزێکە ئەوەندەی بڕوای بەسەرکوتی سیاسیی و دەستوەشاندنی میلیشیایی هەیە، بەهیچ شێوەیەک ئامادە نییە داواکاریی و ناڕەزایەتیی خەڵک بەهەند وەربگرێ جگە لەپشتگوێ خستن، یان لەباشترین هەلومەرجدا ، بەکارهێنانی چەک بە شەرعییترین رێگە دەزانێت. گەورەترین هەڵەی یەکێتیی بۆ خوێندنەوەی خۆپیشاندانەکە ئەوەبوو لەرێگەی کۆمەڵی بەرپرسەوە ویستی راڤەی ئەو رووداوە بکات کە خەڵکی کوردستان بەگشتیی و ناوچەی سلێمانیی و شارەزوور بەتایبەتیی هەر بەبینینی رووخساریان دڵیان تێک دەچێ، چونکە ئەو بەرپرسانە گەورەترین تۆڕی گەندەڵیی ناو یەکێتیین و سەرتاپا دەزگا حکومیی و حیزبییەکانی دەوروبەری خۆیشیان بەگەندەڵییەوە داڕزاندووە.

ئەگەر یەکێتیی دەیەوێت تاوانباران دیاریی بکات، با رێگە بدات چەندین کەسایەتیی سەربەخۆو لایەنە سیاسییەکانی تر و کەسانی پسپۆر و شارەزا لەیاسا و تاواندا لێکۆڵینەوە لەو رووداوانە بکەن و ئەنجامەکانیشی بەئاشکرا روو بەخەڵک رابگەیەنرێن. پێش هەموو کەس ئەوانە دیارن کە تەقەیان کردووەو بڕیاری تەقەیان داوەو مرۆڤیان کووشتووە و گەنجیان بریندار کردووە، بێ ئەملاوئەولا تاوانبارن و تاوانیان ئەنجامداوە و دەبێت سزای توووند وەربگرن. دوای ئەم هەنگاوانە ئەوسا دەکرێ ئەوانەی مۆنیومێنتەکەیان سووتاندووە دیاریی بکرێن و سزا بدرێن، بەڵام نەک لە ژێر چەکمەی ئاساییش و قۆناغە تفەنگدا بۆ ددانپێدانان زۆریان بۆ بهێنرێت.